# ئەو ساتانەی ناسڕێنەوە

# (هەنسکی نیوەشەو)



لـەم ئاسـتی دواهەمیـن هەنگاونانانـەی دواییـن لاپەڕەکانـی ئـەم رۆژانـە نامەیەمـدا، دەمـەوێ بەخێرایـی ئاوڕێـك لـەو رۆژانـە بدەمـەوە کـە رامبـواردووە، بـە تـرش و شـیرینیانەوە، بـە تفت و تاڵاو ناخۆشییەکانیانەوەی.

ئـەم دوایيـن ئاوڕە، لەو ئاوڕدانانەوانەیە کە هەتا بکـرێ گردکردنـەوەی گشـت دڕك و پەیکولێتـی تووڕەبـوون و ناڕەزایـی و بێزاری بێ. هـەر هەمـوو ئـازارەکان لەژێـر دەسـتیەوە و لـە لەشـکری ئەو گشـت هێـزە بێشـومارانەی زادەی دەردو ژەهـری رەگەزپەرستی دەوروبەرەکەمان و بەربادبوونـی خەڵکەکـەش بـە بێگانەپەرسـتی و خۆکـوژی، بە کورتی و کرمانجـی ئێمـە سـەراپای مێژووەکەمـان کۆششـی جەهالەتـی ناوخۆمـان و رەگەزپەرستیی گەلانی دەوروبەرو بێ مرۆیی (زل....) هێزەکانێتی.

ئاواتـم بـوو ئەو رۆژە ببینم ئەو گشـت تەوقانە لە گەردنمـان داماڵـرێ و ئـازاد بیـن، پێشـم گوناحە بڵێم نایبینـن، ئەمـە گرفتەکەیـەو ئەمـە قووڵایی ئـازارو نائومێدییەکەیـە. بـەش بە حاڵـی خۆم وەك ئـەو هونەرمەندەی بەرزتریـن و فراوانترین مەودای خەونـی جوانم هەبوو، جگە لەوەی هەر لە رۆژانی کۆتایـی بـەم رۆژانـە نامەنووسـینە بهێنـم و بڵێـم وادەی دەسـت لـێ بـەردان و ماڵئاواییکردنە. نابێ چاکـەی دەزگای (گـوڵان) و مامۆسـتا (فەرهاد محەمەد)ی سەرنووسەر و رۆشنبیری مەزن و کاکە (خەلیـل بلەیـی)ی رۆژنامەنووسـی ژیر و زرنگ لەبیر بکەم، جگە لەو یارانە لە پێشیانەوە مامۆستا (سـلێمان یاسـین) و کاکـە (شـاخەوان جەعفـەر) و برامـان (لوقمـان رەشـیدی) کـە بەشـدارییان لەم پڕۆژەیەدا کرد، ئەگەر ئەوانە نەبوونایە ئەو هەموو سەربوردە و یادەوەرییانەشم دەبردە ژێر گڵ.

هیوادارم راستگۆ بووبم، چونکە مێژوونووسینەوەی راستەقینە نووسینەوەی بیرەوەرییە، بیرەوەی منیش رۆژانی جۆش و خرۆشـی شـانۆیە کە هەرگیز لە کێشـەی سـەرەکیی گەلەکەم دابڕو بێبەری نەبووم، هەمیشە دروشمو بووە: (شانۆ ژیانە).

بۆ دواجاریش، دەڵێمەوە: دوژمنی رەگەزپەرسـتان بـن، رەگەزپەرسـتیش، جۆرێکـە لـەو جەهالەتـە ترسناکەی زادەی زیادەڕۆییە، بۆیە لە هەر ئەندازە بەدەربوونێـك ترازانـە لـە ئاسـتی خـۆی، ئەگـەر

■

## ئەحمەد سالار

**تایبەت بە گوڵان دەینووسێت**

ئایینیش بێت، ئێمەی کورد ئەوانەشمان بەگشت جۆرەکانیەوە بینی...

لەم وڵاتەی ئێمەدا شیرازە تێکچوونێ تێکچوو، تەنانەت بایەخە پیرۆزو بەهاجوانەکانی نەپاراستووە، بە شۆڕش و حزبایەتیشەوە، هەر هەموو بوونەتە کەرەسەی وێرانکردنەکە کە گەلێك راراو لێکترازاو و پارچە پارچەین، دەبێ چاوەڕێی چ ئایندەیەکی رۆشنی لێبکەیت، فەرموویان: «دوو ساڵ یەکڕیزیم بدەرێ بە دوو مانگ سەربەخۆییت دەدەمێ».

رۆژانی کە بە ئاگرو ئاسن مامەڵەمان لەگەڵ دەکرا، چەندە دژوار بوایە هێندە بیری نەتەوایەتی و خۆڕاگریمان بەهێزتر دەبوو، خەونە جوانەکانمان زیندەبەچاڵ کران. لەگەڵ ئەوانەشدا ئاواتم و بڕوام بە سبەینێی گەشاوەتر هەبووە. ئەوە با ئاە و حەسرەت لەولاوە بووەستێ. ئەوەی گوشادم دەکات، ئەوەیە کە هەرگیز لە ئاستی ژیاندا دەستەکۆڵەو دۆشداماو نەبووم، لەسەرجەم بوارەکانی ئەدەب و هونەردا کارم کردووە و سەدان قوتابیی زرنگم لە بواری شانۆدا پێگەیاندووە و هەرچی خۆشەویستیی گەل هەیە پێشکەشم کراوە و دەیان میدالیای شانازیم بە بەڕۆکەو کراوە و باڵاترین پلەیان پێ سپاردووم، لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق و دەرەوەش، پاش ئەوەی باری تەندروستی تەنگی پێهەڵچنیم و ناچاری کردم، بڵێم: بمبەخشن ئەو وزە و گوڕەی جارانم نەماوە، نە دەست و پەنجەکانم جوان قەڵەمگیر دەبن و نە چاوانم ئەو رۆشنییەی هەیە بە جوانی ببینم، بۆیە دەبێ ترۆپکی ئەفراندن و لەو گوڕەو گەرمیی هەڵکشاندا بووم، نەخۆشی هەمیشەیی بەرۆکی گرتم و بواری ململانێکەی دژوار و سەختتر کردم.

دەبێ بە دەنگێکی بەرز بڵێم: هەرە چەندە لە رۆژانی رژێمدا خۆم و بەرهەمەکانم رووبەڕووی چەشنەها لێپرسینەوە، پرسیار لەسەر دانان دەبووم، ئەوە بۆ خوا دەڵێم و هەرگیز لە هیچ دەسەڵاتێکی زل و زەبەلاح نەسڵەمیومەتەوە و ئەوە بەرهەمەکانی ئەو رۆژگارانەم گەواهی زیندوو راستگۆن و لەلایەکی دیکەوە هێندەم لەسەر نووسراوە و هەڕەشەم لێکراوە دۆسییەکەم کە لە پاشماوەی دەزگا پلۆسێنەرەکانی رژێمەوە دەست خەڵکی کەوتوون، کەمتر نییە لە دۆسییەی هیچ سەرکردەیەکی کورد، لەگەڵ ئەو گشت شتانەدا دەڵێم هێندە بە دەست بنەماکانی بوارەکانی هونەر و ئەدەبەوە ئەوانە خۆیان بە پاشکۆی لایەنانی چەك بەشانی ئەو رۆژانەوە شەتەك دابوو، گەلێك ئازار و خەمم چێشتووە، زۆر زیاترن لە ئازاردانی دەسەڵات، بەهەموو شێوەیەك قەستی سەروگیانمیانی بوو. هەمیشە لە کەمیندا بوون بۆم، بە هەموو توانایانەوە دەیانویست دەستبەرداری هونەرەکەم ببم، بەڵام رۆژ لە دوای رۆژ عاشقتر و پەیوەستتر دەبووم، بە کوێرایی چاوی هەر هەموویان من هەر هەڵدەکشام و ئەو نەیارانەش هەر چۆن بڵقی سەر ئاو نەدەمان و ڕۆ دەچوون.

# هونەری سینەماش دەتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەر لە شەڕی دژی تیرۆردا بگێڕێت



د.سالار عوسمان*

بۆ گوڵانی نووسیوە

گرنگی ئەم دیدارە سینەماییە لەوەدایە کە دەمانەوێت لە ڕێگەی هونەری سینەماوە ڕووبەڕووی فکری تیرۆر بینەوە، ئەو فکرەی لە ناوچەکەدا رەگێکی مێژوویی هەیە و هەر جارەی بە فۆرمێک ڕێگە لە ژیان دەگرێت و شەڕی مرۆڤ و ئازادی و بەها جوانەکان دەکات و ئاکام کۆمەڵگا بە هەموو جیاوازییەکانیانەوە دووچاری ماڵوێرانی دەکات.

تیرۆر تەنیا بە سەنگەرەکان چارەسەر ناکرێت، هەرچەندە پێشمەرگە و ڕۆڵی پێشمەرگە، تایبەت شەهیدە قارەمانەکان ڕێبەرایەتی ئەو شەڕە دەکەن، لێ ڕووبەڕووبوونەوەی فیکری، چارەسەرە کلتوورییەکان ، لە نێویشیاندا هونەری سینەما دەتوانێ ڕۆڵێکی گرنگ لەو شەڕەدا ببینێت، چونکە تیرۆر بەر لەوەی کردار بێت، بەر لەوەی چەک بێت، فکرە.

وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام لەو ئەرکەی خۆی تێدەگات کە ئەرکی شەڕکردنی تیرۆرە لە ڕووی فکرەوە، بەم تێگەیشتن و ئاراستەیە بەردەوامین لە کار و چالاکی و بزاڤەکاندا، دواچالاکیش کۆنفرانسی( ڕۆشنبیری و توندوتیژی ) بوو، کە لە ٦ و ٧ ی مانگی ١٢ ی٢٠١٧ بوو، کە کۆنفرانسێک بوو لە ئاستی کوردستان و تیایدا چەندین توێژینەوەی زانستی پێشکەشکران و بە چەند راسپاردەیەکیش دوماهی هات.

وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان بۆ سێیەم ساڵە و لە یادی یەکی شوبات، کە یادێکە پڕ بە مانای ئەو تێگەیشتنە، پشتگیری لە سازکردنی دیداری سینەما دەکات لە دژی تیرۆردا، دیداری ئەمساڵ جیایە، فراوانترە، نێودەوڵەتییە، هەوڵمان داوە و کردوومانەتە نەریتی ساڵانە و پایتەختی کوردستانیش ( هەولێر ) لەبارترین شارە بۆ ئەم دیدارە.

لەو دیدارەدا میوانێکی زۆر داوەت دەکرێن و فیلمێکی زۆریش ئامادەکراوە کە سەرلەبەریان بانگی ئەو راستییە دەکەن کە دەبێ هەمووومان، بە تێکڕای جیاوازییەکانەوە لە دژی تیرۆر بوەستین و لە ڕێگەی هونەری سینەماوە بانگی ژیان و ئازادی و بەها جوانەکان بگەیەنینە هەموو دونیا.

یەکی شوبات پێکەوە دەبین ، پێکەوە لە دژی تیرۆر، لە دژی هەموو ئەو ئەقڵە تاریکانەی کە دەیانەوێت ژیان بوەستێنن.

سوپاس بۆ سەرپەرشتیار و تەواوی تیمی کار، سوپاس بۆ بەشداربووان و هونەرمەندان و دڵنیام دیدارێکی سەرکەوتوو دەبێت.

---

**بریکاری وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان**






### له ساڵیادی یەکی شوباتی خوێناوی

# سێیەم خولی فیستیڤاڵی سینەما دژی تیرۆر لە هەولێر ساز دەکرێت




بڕیارە لە سەرەتای مانگی شوبات داهاتوو و لە ساڵیادی کارەساتی یەکی شوباتی خوێناویدا، سێیەمین فێستیڤاڵی سینەمای دژی تیرۆر بە بەشداریکردنی سینەماکاران و کەسایەتییە هونەرییەکانی بواری سینەمای کوردستان و عێراقی و بیانی و وڵاتانی دەوروبەر لە هەولێر ساز بکرێت.

لە فێستیڤاڵی ئەمساڵدا، ٤٦ فیلمی سینەمایی، کە تایبەتن بە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، لە چەندین وڵاتی جیاوازی وەك عێراق، سوریا، ئێران، میسر، سعوودییە، هیندستان، کەنەدا، عومان، فەرەنسا و بەریتانیاوە، بەشداری دەکەن.

لەم بارەیەوە ئەیاد جەبار بەڕێوەبەری هونەری سینەما دژی تیرۆر بە گوڵانی ڕاگەیاند بیرۆکەی سەرەکی سازکردنی ئەم دیدارە سینەماییە لەوەوە سەری گرتووە کە هونەرمەندان بەتایبەتی سینەماکاران پەیامێك ئاراستەی رای گشتی جیهان بکەن کە سینەما و سینەماکاران پاڵپشتی و پشتیوانی هەموو هەوڵێك دەکەن لە هەر کوێیەك بێت دژی تیرۆر، بۆیەش سینەمامان لە نێو ژانرەکانی تری هونەر هەڵبژارد، چونکە سینەما دەتوانێت گوزارشت لە کێشە مرۆییەکان بکات و هەڵگری پەیامێکی روون و ئاشکرایە لەم بارەیەوە، دیارە کوردستان بە گشتی قوربانییەکی زۆری داوە و هەمیشە قوربانی تیرۆر بووە.

سەبارەت بە هەڵبژاردنی رۆژی یەکی شوبات بۆ سازدانی ئەم دیدارە وتی: ئاشکرایە لە رۆژی یەکی شوبات کە هاوکات بوو لەگەڵ یەکەم رۆژی جەژنی قوربانی پیرۆز یەکێك لە دڕندەترین هێرشی تیرۆریستی دژی میللەتی کورد لە شاری هەولێر و لە بارەگای لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و زیاتر لە ١٠٠ کەس بوونە قوربانی کە ژمارەیەکیان سەرکردە و بەرپرسی حزبی و حکومی بوون تەنانەت کەسانی بیانیش کە بۆ پیرۆزبایی جەژنی قوربان هاتبوون لەو رۆژەدا بوونە قوربانی تیرۆر، هەڵبژاردنی ئەم رۆژەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە رۆژی یەکی شوبات رەمزی نیشتمانی و رووبەڕووبوونەوەی تیرۆرە.

### ● فیلمەکانی ١١ وڵات بەشدارن

فیلمەکانی ئەمساڵ لە ١١ وڵاتەوە هاتوون جگە لە کوردستان . وەك دیاریشە فیلمەکان پتر لەو وڵاتانەن کە تیرۆر بەرۆکی گرتوون و قوربانیی دەستی چەپەڵی ئەو دیاردە نالەبارە جیهانییەن. لەوانە عێراق، سووریا، میسر سعودی و فەرەنسا و هیند. بو یەکەمجاریش ئەمساڵ ٧ دادوەری نێودەوڵەتی، دادوەرغی فیلمەکانی فیستیڤال




دەکەن، دادوەرەکانیش لە کەنەدا و یۆنان و میسر و شانشینی مەغریب و عێراق و کوردستانن. لە نێو فیستیڤاڵەکەشدا پانێلێك بو ناوی (سینەما لە بەرەنگاربوونەوەی هزری توندڕۆیی و تیرۆر سەرکەوتوو دەبێت) ساز دەکرێت، کە کۆمەڵێك نووسەر و ڕەخنەگری سینەما بەشداری تێدا دەکەن. تایبەتمەندیی ئەو فیستیڤاڵەش لە ڕۆژ و کات و شوێنی سازکردنیەتی کە ڕۆژی یەکی شوباتەو لەو ڕۆژەدا لەهەولێر کۆمەڵێك کەسایەتی نیشتمانپەروەر و هاووڵاتی سڤیل لە یەکەم ڕۆژی جەژنی قورباندا بوونە قوربانی دەستی ڕەشی تیرۆر، بۆیە ئەم فیستیڤاڵە هەوڵدەدات لەو ڕۆژەدا بە یەکدەنگییەکی جیهانی و نێودەوڵەتی لە ڕێگەی هونەری بەرزی سینەماوە کە زمانێکی جیهانییە بەرەنگاری ئەو هزرە توندڕەوەی و تیرۆریستییە ببێتەوە کە کارەسات بەسەر مرۆڤەکان و خەونی ئازادی مرۆڤ دەهێنێت.

**● خەڵاتەکە تایبەت بە فیستیڤاڵ دروست کراوە**

لە فیستیڤاڵی ئەمساڵیشدا ١٢ بەڕێوەبەر و سەرۆك فیستیڤاڵەکانی سینەما لە کوردستان و ناوەوەی عێراق ئامادە دەبن و لیژنەی ناوبژیوانی فیستیڤاڵیش لە چەندین کەسایەتی ناسراوی سینەمایی پێکدێت لەوانە: جەلال خان وڵاتی کەنەدا کە ڕەخنەگرێکی سینەمایی بە ڕەچەڵەك کوردە، بولیساریس کوسیفاکیس لە یۆنان، ڕەشا شەرقاوی لە مەغریب، عەلا نەسر لە میسر کە لە هەمان کاتدا سەرۆکی فیستیڤاڵیشە، سوها سالم و قەحتان جەلیل لە عێراق و چەند ئەندامێك لە کوردستان.

١٥ خەڵاتیش بەسەر فیلمە سەرکەوتووەکاندا دابەش دەکرێ، بەم شێوەیە: «باشترین فیلمی کوردی، باشترین فیلمی عێراقی، باشترین فیلمی عەرەبی و بیانی، باشترین فیلمی دۆکیۆمێنتاری، باشرین دەرهێنان، باشترین ئەکتەری کوڕ و کچ، باشترین سیناریۆ، خەڵاتی لێژنەی دادوەری. خەڵاتەکەش تایبەت بۆ ئەم فیستیڤاڵە بە دیزاینێکی جوان دروست کراوە.

# لیۆناردۆ چۆن سەروەتەکەی کۆکردەوە

لیۆناردۆ دیکاپریۆی ئەستێرەی سینەمایی هۆلیۆد و پاڵەوانی فیلمی (تایتانیك) بە یەکێك لە ئەکتەرە دەوڵەمەنەکان دادەنرێت و سەروەتێکی زۆرە لە ڕێگای ئەو ناوبانگەی کە بە فیلمەکانی بە دەستیهێناوە و بۆتە خاون جەماوەرێکی زۆر لە سەرتاسەری جیهان و بوونی ئەو لە هەر فیلمێکدا سەرکەوتنی فیلمەکە تا ڕاددەیەکی زۆر مسۆگەر دەکات بەتایبەتی لەو ساڵانەی ڕابردوودا.

بەپێی ماڵپەڕی (لۆفمنی) لە ساڵی ٢٠١٧ سەروەتی لیۆناردۆ بە ٢٤٥ ملیۆن دۆلار خەمڵێندراوە، هەرچەندە لە سەرەتای کاری هونەرییدا کرێیەکی زۆری وەرنەگرت، بەڵام بەشداری کردنی لە فیلمی (تایتانیك) وەرچەرخانێکی گەورە بوو لە ژیانی لیۆناردۆ و بڕی (٢,٥) ملیۆن دۆلاری دەستکەوت، سەرکەوتنی فیلمەکەش بووە هۆی ئەوەی کە دواتر لە یەکەم فیلمی پاش تایتانیك بڕی (٢٠) ملیۆن دۆلاری دەستکەوت هەر ئەمەش وایکرد دواتر لیۆناردۆ بۆ هەر ڕۆڵێك داوای (٢٠) ملیۆن دۆلار بکات، هەروەها لیۆناردۆ چەند ڕێکەوتنیش ئەنجام دەدات هەر سەبارەت بە فیلمەکانی کە سوودێکی زۆری هەبووە. و لە فرۆشتنی سیدییەکانی فیلمەکانیشی تا ئێستا بڕی ٥٩ ملیۆن دۆلاری دەستکەتووە، هەروەها گرێبەستێکی لەگەڵ کۆمپانیای (گوانگ دۆنگ)ی چینی تایبەت بە مۆبایل هەیە و بڕی ٥ ملیۆن دۆلاری لەو گرێبەستەش دەستکەوتووە، لەلایەکی دیکەوە لیۆناردۆ لە ئاهەنگی کردنەوەی زۆربەی یانە جیهانییە ناسراوەکان بەرامبەر بە بڕە پارەیەکی زۆر ئامادە دەبێت.

بە هۆی ئەوەی کە بەشێکی سامانەکەی لە کاری خێرخوازیدا خەرج دەکات و بەشێکی زۆری کەرەستە و کەلوپەلە گرانبەهاکانی لە مەزادی ئاشکرا بۆ کاری خێرخوازی دەیفرۆشێت بۆیە وەك نوێنەری ئاشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دانراوە



# سانی لیۆنیش بە مۆم دەکرێ

مۆزەخانە ناسراوەکانی جیهان پەیکەری مۆم بۆ کەسایەتییە هونەری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی جیهان دروست دەکەن کە ڕۆڵیان هەبووە لە بواری دیاریکراوی خۆیاندا و خاوەن جەماوەری زۆرن یاخود بە هۆی ناوبانگیانەوە خەڵك هەوڵ دەدەن بیانبینن و ئەوانەی ئەو دەرفەتەشیان بۆ نەرەخساوە لەگەڵ پەیکەرەکانیان وێنەی یادگاری دەگرن.

لە مۆزەخانەی مەدام تۆسۆ لە دلهی پایتەختی هندستان پەیکەری مۆمی هەر یەکە لە ئەمیتاب باتشان و ئەنیل کاپور دانراوە و بڕیار وایە بەم نزیکانە پەیکەرێکی مۆم بۆ خانمە ئەکتەری بۆلیۆد سانی لیۆنیش دروست بکرێت و لە تەك ئەوانەوە دابنرێت و بەمەش دەبێتە یەکێك لە کەسایەتییە ناسراوەکانی هیندستان، هەرچەندە سانی زیاتر وەك ئەکتەرێك وروژێنەر لە نێو هیندییەکان ناسراوە.

بە مەبەستی دروستکردنی پەیکەرەکە تیمێکی مۆزەخانەی مەدام تۆسۆ لە لەندەن سەردانی دلهییان کرد بۆ ئەوەی چاویان بە سانی بکەوێت و زیاتر لە ٢٠٠ پێوانەی جیاجیای لەشیان وەرگرت و چەند وێنەیەکیشیان لە چەند گۆشەوە گرت بۆ دروستکردنی پەیکەرەکە.

ئەم هەنگاوەی مۆزەخانەکە بۆ زیاتر ڕاکێشانی سەرنجی جەماوەری سانییە، چونکە خاوەن جەماوەرێکی زۆرە لە سەرتاسەری جیهان و لە هیندستان بە گشتی ئەمەش بە هۆی نمایشەکانی سەما و گۆرانی و دەرکەوتنی لە چەندین نمایشی هونەری واقعی.

## مارگۆت رۆبی:

# خانەوادەکەم بڕوایان نەدەکرد ببمە ئەکتەری

گۆڤاری (vogue) لێدوانێکی لەگەڵ کچە ئەکتەری بە ڕەچەڵەك ئوسترالی مارگۆت رۆبی ئەنجامدا و تێیدا باسی لە چەند لایەنێکی تایبەتی ژیانی خۆی و سەرەتاکانی و چۆنیەتی هاتنی بۆ نێو ئەو بوارە و ئەو ئاستەنگانەی رووبەڕوویان بۆوە لە سەرەتاکانی کاری هونەریدا.

رۆبی دەربارەی سەرەتاکانی دەڵێ: خانەوادەکەم هیچ پەیوەندییەکیان بە نواندنەوە نەبوو بۆیە لەو بڕوایەدا نەبوون ببم بە ئەکتەر و لەو بوارەدا سەرکەوتوو بم و پێیان گوتم بڕۆ کارێکی تر بدۆزەوە و باس لە کاری هونەری مەکە، تەنانەت کاتێك دەستم بە نواندنیش کرد پێیان دەگوتم کەی کارێکی راستەقینە دەدۆزییەوە.

لە بارەی رۆڵەکانیشی رۆبی وتی: زۆر رۆڵم پێشکەش کردووە کە ئافرەت نووسیویانە و تێیدا سەرکەوتوو بووم، بەڵام زۆر حەز دەکەم لەگەڵ دەرهێنەرێکی ئافرەت کار بکەم، هەروەها ئاواتە خوازم لەگەڵ ژمارەیەك ئەکتەری کچی تەمەنی خۆم لە کارێکی هاوبەشدا رۆڵ ببینم، چونکە هەست بە ئارامی زیاتر دەکەم کاتێك لەگەڵ ئافرەتاندا کار دەکەم.

لە کۆتایی دیمانەکەدا رۆبی دەڵی: کار کردنم لە هۆلیۆد وایکردووە کە شارەزاییەکی زۆر پەیدا بکەم بەجۆرێك بتوانم بڕیاری درووست بدەم سەبارەت بە کارەکەم.



